# ڕاگەیاندنی جەنگ لە دژی خەڵکی عێراق

**هاوژین عومەر**

hawzheenk@yahoo.com

ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئینگلیزی ڕۆبەرت فیسك لە بابەتێکدا ئەو پرسیارە جدییە دەکات: "ئێمەی ڕۆژئاوایی بۆ پەند لەمێژوو وەرناگرین؟". ئەو لەو بابەتەیدا کە لە سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی بەعسدا وەکو ڕۆژنامەنووسێکی شایەتحاڵی زۆرێك لە ڕووداوەکانی جەنگی عێراق نووسیویەتی، دەیەوێت پێمان بڵێت: "ئێمەی ڕۆژئاوایی بۆ بەدرێژایی مێژوو ئەو هەموو وەهەمو درۆیە دووبارەو سەد بارە دەکەینەوە، بەوەی بەناوی ئازادیی‌و ڕزگارییەوە دەوڵەتان داگیر دەکەین‌و گوتاری (ناپلیۆن)انەیان بۆ دەدەین، پاشانیش کە بەهۆی هەڵەکانی خۆمانەوە دەرمان دەپەڕێنن، دەوڵەتەکەیان بۆ دەکەینە وێرانەو بەسەر خەڵکەکەیدا بەجێی دەهێڵین؟". ناوبراو کۆمەڵێك نموونەش بۆ ئەم پرسیارەی دەهێنێتەوە.

ڕەنگە ئەمە پرسیارێکی زۆر جددی بێت، بەڵام هێشتا کەم کەس هەبن وەکو ئەو بیورووژێنن‌و قسەی لەسەر بکەن یان بە بیریاندا هاتبێت، هەروەها کەم کەسیش هەبن وەڵامیان دابێتەوەو خۆیان کردبێتە خاوەنی، بەهەرحاڵ، لە هەفتەی ڕابردوودا وەزارەتی بەرگری ئەمریکا "پنتاگۆن" ئامارێکی دوای نزیکەی (١٨) مانگ لە "جەنگی ئازادیی عێراق" بڵاو کردەوە، کە تیایدا جگە لە ژمارەی کوژراوو بریندارەکانی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، ژمارەی کوژراوە عێراقییەکان بە (٢٠) هەزار مەزندە کرابوو.

ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، ئەو ڕێژە زۆرەی قوربانیانی عێراق، کە بەپێی ئامارەکە زۆرینەیان مەدەنی بوون، لە ناوەندو دەزگا ئیعلامی‌و سیاسی‌و مرۆییەکاندا بەهەند وەرنەگیراو قسەی ئەوتۆی لەبارەوە نەکرا، بەڵکو ڕۆژنامەی نێودەوڵەتی واهەیە جگە لە ئاماژەدان بە سەربازە کوژراوە ئەمریکییەکان هیچ ڕێژەیەکی تری بڵاو نەکردۆتەوە!

کەواتە کوژرانی (٢٠) هەزار عێراقی لە ماوەی (١٨) مانگی جەنگدا هیچ ئەرزشێکی نەبوو! لە کاتێکدا ئەو جەنگە ماڵوێرانکەرە بەناوی ڕزگاری‌و ئازادیی ئەوانەوە بەرپا کرا! لەمەش سەیرتر ناونیشان‌و تایتڵی هەواڵی هەندێك ڕۆژنامەی لەمەڕ خۆشمان بریتییە لە "لە فلانە شوێن (١٠٠) تیرۆرست کوژران‌و لە فیسارە شاریش دەیانی تر بەدەستی هێزە فرەڕەگەزەکان کوژران"، سەرەنجامیش لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە جگە لە تەرمی ژن‌و منداڵ‌و پیرو ڕۆژنامەنووس‌و پاشماوەی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن (اسعاف)، کە بۆردومان کراوە، هیچی تر نابینین.

ئەگەر دەشوترێت هۆکاری سەرەکیی ئەو ڕێژە زۆرەی قوربانیان تیرۆرستەکانن، ئەوا لەدوای ئامارەکەی "پنتاگۆن" وتەبێژی دکتۆر ئەیاد عەلاوی قوربانیانی کارە تیرۆریستییەکانی بە (٣) هەزار مەزەندە کرد.. کەواتە؛ ئەگەر ئەوەش ڕاست بێت، ئەی کێ بووە هۆی کوژرانی (١٧) هەزارەکەی تری؟!

کەواتە چ شارەزایەك بەمێژوو سیاسەتی هاوچەرخ، بگرە چ خاوەن ویژدان‌و مرۆڤدۆستێك هەیە نەگەشتبێتە ئەو باوەڕەی کە تەنها مەدەنییەکان‌و هاووڵاتیانن بوونەتە سووتەمەنی دۆستایەتی‌و دوژمنایەتیی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ عێراق، "جەنگی ئازادی عێراق"یش هیچ نییە جگە لە دروشمێکی جوانی نووسراوی سەر تابووتێك.

تەنها مەدەنییەکانی عێراقیش نین کە بوونەتە قوربانی، بەڵکو لەسەرجەم ئەو دەوڵەتو جێگایانەشدا هەروا بووە کە دەست لە کاروباریان وەردراوە یان داگیر کراون، وەکو: دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکای ناوەڕاستو باشوور، ئەفریقیا، هەندێك لە دەوڵەتانی ئاسیاو.. هتد. هەر ئەم دەرەنجامەش وایکردووە کە بەدرێژایی چەند سەدەی ڕابردوو ئێستاش دۆستانی ئیدارەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی تەنها ڕژێمە دیکتاتۆرو خوێنڕێژە فەرمانڕەواکان بوونو دوژمنانیشیان میللەتانی دونیا بوون، بەوانەی خۆشیانەوە.

ئەو دەنگانەشی هەنووکە لە ئیدارەی ئەمریکادا بەرز دەبنەوەو ڕەخنە لە سیاسەتی حکومەتەکەیان دەگرن، هیچ مەبەستێکی ئینسانییان لە پشتەوە نییەو خەمخواردن نییە لەو ڕێژە زۆرەی قوربانییەکان، بەڵکو ڕەخنەگرتنە لەو کەسو لایەنانەی بەهۆی هەڵەو کەموکوڕیەکانەوە ئەجێندە بەرژەوەندخوازییەکانی ئیدارەکەیان خستە بەردەم چەند ئاستەنگێکی زۆر گەورە. لێرەوە دەکرێت ئێمەش بپرسین، ئاخۆ ئەو جەنگە بەڕاستی بۆ ڕزگارکردنی گەلانی عێراق بوو لە ستەمی سەددامی دیکتاتۆر؟ یان بەپێچەوانەوە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتو چەسپاندنی پرۆژەی ئیمپراتۆریی بوو ئەوەی ناوی نەبوو گەلانی عێراق بوو؟

هەموو ئامارو ڕاستییەکان بەشی دووەمی پرسیارەکەمان تەئکید دەکەنەوە. ئەوەی بەتەنها لە دۆستایەتیو دوژمنایەتیو جەنگەکانیی ڕۆژئاوا بۆ عێراق بووەتە قوربانی، تەنها هاووڵاتیانی عێراقبوون، بەکوردو عەرەبو تورکمانو سەرجەم نەتەوەکانی ترەوە، براوەش چاوچنۆکانو شەڕانگێزەکان بوون.

لەسەردەمی دۆستایەتیی ئەمریکاو ئەوروپادا بۆ ڕژێمی عێراق کوردەکان قەتڵوعام دەکرانو ناپاکییان لێدەکرا (١٩٧٤)، "ئەنفال" دەکران، کیمیابیاران دەکران، کە تا ئەمڕۆش (بەوتەی چاودێرانی سیاسیی) تەنها کاروانێکی پێداویستیی پزیشکیی ئەمریکی نەگەشتۆتە لێقەوماوانی هەڵەبجە! هەروەها سەدان هەزاری خەڵکی عێراق بوونە سووتەمەنیی جەنگی عێراق ـ ئێران.

لەسەردەمی دژایەتیو جەنگیشدا شیعەکان لە باشوور قەتڵوعام دەکران کاتێك ئەمریکا پشتی ڕاپەڕینەکەی باشووری نەگرت، لە ساڵی ١٩٩١دا، هەروەها زیاد لە نیو ملیۆن منداڵی عێراقی (بەپێی ئامارە ڕەسمییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان) بوونە قوربانیی ئابلۆقەی ئابووری.. ئەمە جگە لەو (٢٠) هەزارەی لەدوایین جەنگیشدا بوونە قوربانی.

لێرەشەوەو لەسەروبەندی ئەو واقیعەی ئەمڕۆ هاتۆتە ئارا پێویستە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین: بۆ دەبێت لای ئێمە، وەکو بەشێکی دیاری قوربانییەکان، ئەو ڕاستیانە زۆر بەسانایی خەفە بکرێنو بکرێنە ژێر لێوەوەو بەپێچەوانەی هەموو میللەتانی دونیا هەنگاو هەڵگرینو خۆشحاڵیی بەکوژرانی نەتەوەکانی تر (بەتایبەتی عەرەب) دەربڕین؟

داخۆ تا کەی لەژێر هەژموونی ڕاگەیاندنە نامەسئولەکاندا ئێمە خۆمان دەکەینە گاڵتە جاڕی هەموو دونیا، بە ئەمریکاو ئەورووپاشەوەو زۆر نامەسئولانە بەرامبەر مێژووی ئێستاو ئایندەمان هەڵسوکەوت دەکەینو تەنها خەریکی جڕتو چەقەنەین؟!!

بێگومان دەرەنجامی هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ لە عێراقو ناوچەکەدا ڕوودەدەن، لە کوژرانی خەڵکی مەدەنیو بێ دیفاع، شەرمەزارییو ڕسواییە بۆ سەبەبکارەکانی، دەبا ئێمەی کورد پێش ئەو حەدەسە بکەوینو لە ئەنجامدا وەکو لەو زلهێزانە بەهرەمەندو سوودمەند نەبووین، با باجی دڕندەییشیان نەدەین.